شاندکی حکومەتی هەرێم بە بەدواداچوون لەسەر مووچە سەردانی بەغداد دەکەن

بەیارە بەیانی یەکشەممە شاندکی باڵای حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان، بە پرسی مووچە و بودجە سەردانی بەغداد بکەن، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئینجوومەنی وەزیران لەوبارەیەوە ڕایگەیاند، "دانیشتنەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق دەبێت".

شایەنی باسە، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا وەزارەتی دارایی عێراق بڕی 761 ملیار دیناری بە مووچەی مانگی 10 بە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم نارد، بەڵام وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوو مووچەی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابەش بکات.

بەگوێرەی زانیارییەکان، شاندکەی حکومەتی هەرێم کە سەردانی بەغداد دەکەن پێکهاتوون لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری، ئومێد سەباح، سەرکەی دیوانی ئینجوومەنی وەزیران، ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئینجوومەنی وەزیران، و عەبدولحەکیم خەسرەو، سەرکەی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ژمارەیەک بەڕێوبەری گشتی.